

# شتەکان بۆنی تۆیان لێ دێ..

ئومێد عوسمان محەمەد

**هەمیشە ئەمەوێ حوزنەکانی چاوی تۆ بخوێنمەوە**
**سەیرە تێگەیشتن لەچاوی هەنگوینی تۆ....**
**تۆ خۆت لەماهیەتی جوانی خۆت ناگەیت**
**بمبەخشە گەر بڵێم خۆشم ئەوێی...**
**خودا ئاسمانی بۆ جەستەی خەفەتباری تۆ.. خولْقاندوە...**
**جەستەیەك بەرگەی ئەم هەموو غەریبیە ئەگرێ**
**نیشتمانی نییەو قاقا بەسنوری خاك پێ ئەکەنێ**
**تنۆك تنۆك گریانی بۆ ئیشەکانی من دێ منیش خوم گرتووە بەغەریزەکانی ئەم خۆڵەوە**
**ئیشی من بەلەو گڵو عەشقی چاوی تۆوە جوانە**
**رۆحی تۆش... من مەست ئەکاتو ئەم گرێنێ**
**جەستەشت داگیرم دەکاتو دەمشێوێنێ...**
**مەرگو سەفەرو خودا...**
**هەناسەیان لێ زەوت کردوین...**
**روخساریان لێ مات کردین**
**گەڵای پایزیان لێ سوتاندین**

وەرزی بەفرو جوانیان لیّ بزرکردین
کەچی من و تۆ بیّ باکانە... ئاو دەخۆینەوە
رووی یەکدی ماچ ئەکەین... خوێنمان تێکەڵاو ئەکەین
کە من تۆم ناسی لەسەر ماهیەتی عەقڵی خۆم وەستام
شێتانە تۆم پێناسە ئەکرد...
بیّ ئەوەی بزانم کێیت... ماچم کردیت..
ماچێکی پڕ لەئەفسوس.. ماچێکی پڕ لەحوزن
عەشقێکی ئەفسانە. دونیایەکی پڕ لەمنداڵی و شێتی..
ئەی ئەهریمەنترین کچ کە من ناسیبێتم
چی دی بەسەرنجە تووڕەکانت مەم کوژە..
گەر بڕیارە بم کوژیت..
با لەپرچتدا گوڕێك بۆ منی ناسك و وێنەیەکی منداڵی و
هۆنراوەیەکی پڕ لەحوزن و دار ئەرخەوانێك لەگەڵ جەستەمدا بنێژم
من هەرگیز بیّ تۆ ناژیم
کە سەیرە تۆشم نیت؟...
تۆیەك... خاوەنی خەیاڵیترین جەستەی پڕ لەئێسك
خودایە... لەناسکی تۆ...
من بەوە ئازارە ئەچێژم..
کە تۆ خۆت نیت
خۆشیت پڕیت لەمن..
هەرگیز نایدرکێنی و ماسکەکەت فڕیّ بدەیت
گەر لەشەویشدا بیّ..
بیّ پەروا هاوار بکەیت
ئەی نیشتیمانی ئومێدەکان
من تۆم خۆش ئەویّ..
من پەیوەستم بەتۆوو
شێوە کارترین پیاوم خۆش دەویّ..
جەستەی خاڵی بیّ لەسپێتی و
رەش رەش قەترانی بێت و
لێوی پەمەی و ئاسمانی زەردو
تەنها بەعەشقی منی ژنەوە بژی و
منیش ببمە قوربانی دێڕەکانی
شاعیرێکی شێت..

***

**ئەم جارەش سەر بکە بەژوورەکەمدا**

**ئەبینی وەك خۆی ماوە.. هەموو شتەکان بۆنی تۆیان لیٚدیٚ**

**تکا دەکەم ئیٚوارەیەك وەرەو**

**بەقەد شکۆفەی سەرپۆشەکەت**

**ماچم بکەو بەقەد بالاٌی سنەوبەریٚك.... یادم بکە..**

**بەقەد گولٌە زەردە پەژمودکانی سەر کراسە رەشەکەت**

**لیٚوم بگرە..**

**چەندە تینووی ماچەکانتم**

**بم گرە ئامیٚزی لیٚوت.. من بەگولٌی زەردو کراسی رەشی تۆوە جوانم....**

**لیٚوەکانت جودایە لەلیٚوانی مندالٌی**

**ئەو کات گەزۆیان لیٚ ئەباریٚ..**

**وەرەو لەئیٚوارەیەکدا رۆحم ماچ بکە**

**کیٚ ئەلٌیٚ ئەمە دواهەمین ئیٚوارەو**

**دواهەمین ماچ و دواهەمین سەفەر نییە**

**وەرەو لەجیاتی بەفر رۆحتم بۆ بهیٚنە..**

**لەجیاتی ئەستیٚرە... مورووە شینەکانتم بۆ بهیٚنە**

**لەجیاتی جەستەت.. جانتای سەفەرتم بۆ بنیٚرە**

**لەجیاتی دلٌت ئاسمانم بۆ بکەرە دیاری..**

**لەجیاتی خۆشت ئەندیٚشەی پەپولەیەکم بۆ رەوانەکە..**

**لەبری لیٚوش ماچەکانتم بۆ پۆست بکە...**

**ئیٚستاکە لەمالٌیٚکی رووەو خۆرئاوادا دەژیم**

**بۆیە ماچەکانم بۆنی کەرووی لیٚدیٚ..**

**لیٚوم ووشك بووە.. چی دی ماچم بۆ پۆست ناکریٚ...**

**لەمندالٌییەوە... خەریکی کۆکردنەوەی پەرش و بلاٌویەکانی تۆم**

**هیٚدی هیٚدی نینۆکە دریٚژەکانی پەنجە بچووکەکەت و**

**تاکی پیٚلاٌوەکانی چەپت و کراسە سپیکەو**

**پریشکی ماچەکانت کۆئەکەمەوە...**

**تۆش هەمیشە بۆنی کراسە رەشەکەی من دەکەیت**

**من هەمیشە نیگاکانی تۆ لەدار ئەرخەوانەکاندا.. کۆدەکەمەوە**

**یادی چاو جیٚگا پیٚکانت لەرِیٚرەوی ئەم شارەدا ئەخویٚنمەوە**

دەگەڕێمەوە ئەو خوێندنگایەی بەر لەهەشت ساڵ لەمەوبەر لەوانەی ئاین و کوردی

بیٚگانەدا

تۆیان بەزۆر تاقیکردەوەو

هەرگیز نەئەکەوتی...

وەلیٚ ئەگەڕێم بۆ شوێنێك جێگا پەنجەی ناسکی تۆی تیابیٚ...

خودایە

ئەم شارە پڕە پڕە لەجاویدانی عەشقی تۆ

دیسانەوە خول خول بەگەڕەکی مەڵکەندیدا پیاسە دەکەم..

بەدوای بەردی خەت خەتێن و سۆندەی پەت پەتێنەکانی تۆ وێڵم

هەمیشە باوکت لەمنی ئەشارێتەوەو

ناهێڵی وەردەستم کەویٚ

ئەگەر دەیبینمەوە

هەتا ئەزەل لەگۆڕی دەنێم و هەموو شەویٚ بەفرمێسکە

تەزیوەکانم ماچی دەکەم...

هەموو بەیانیانیٚ بەیادی تۆ هەڵدەستم.. لەخەو

گەمەی سەیر سەیر لەگەڵ پەپولەو خاڵ خاڵۆکەدا دەکەم و

بە بەرائەتی منداڵی وە دەقیژێنم..

پەپولۆکە... ماڵی نازە لەکویٚیە...

ئەوەندە ئەم بەیتە ئەچڕم و نات دۆزمەوە... لەماندوێتیدا

دەست بەگریان دەکەم...

سلێمانی 24-4-2004